"باوەڕم بەمیللەتەکەمەو دەتوانم ٥٠٪ - ٧٥٪ی دەنگ بەدەستبهێنم"

د. کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ هاوڵاتی

سازدانی: ئاڵا لەتیف

د.کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێم، لەچاوپێکەوتنێکدا کە هاوڵاتی لەگەڵیدا سازیداوە، باس لەئامانجی خۆکاندیدکردنی دەکات بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، باسلەوەش دەکات کە ماوەی ڕاگەیاندنی خۆکاندیدکردن کەم بووە، پێشیوایە ناعەدالەتی لەکوردستاندا هۆکار دەبێت کە کاندیدە سەربەخۆکان چانسیان کەمار بێت.

د.کەمال میراودەلی

فۆتۆ: هاوڵاتی

هاوڵاتی: چۆن دەڕوانیتە پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان؟

د.کەمال میراودەلی: ئەو پرۆسەیەی ئەوان دروستیانکردووە، کوردستانی خستووەتەبەر مەترسییەکی گەورەوە. یەکەم ئەوەی کەئەوان پێیدەڵێن کوردستانی دەرەوەی هەرێم، بەڕای من دۆڕاندیان و بەرەو خەتی ٣٦ی دێنەوە، لەناویشەوە ناڕەزایەتییەکی زۆر هەیە، لەدەریشەوە زۆر بەوردی سەیری ئەم پرۆسە دیموکراسییەی ئێستا دەکرێت.

دووەم هەڵبژاردن لەهەموو جیهاندا گرنگە، دوای ئەوەی لەقۆناغی گواستنەوەو دوای شەڕو هەراوە دێن، ئەگەر هەڵبژاردنی دووەم دیموکراسی بێت ئەمە دەچەسپێتو ئەگەر ئەمە دیموکراسی نەبوو ئەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

هاوڵاتی: لەوەها بارودۆخێکدا چۆن بوو بڕیارتدا خۆت کاندید بکەیت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم؟

د.کەمال میراودەلی: هۆکاری یەکەم لەخۆ کاندیدکردنم پاڵپشتیکردنە لەپرۆسەی دیموکراسیی لەکوردستاندا، هەڵبژاردنیش رۆحی پرۆسەی دیموکراسییە. پێشتر ئەو یاسایە نەبووە کەبتوانین لەرێگەی ڕاستەوخۆوە خۆ کاندید بکەین، بەڵکو لەرێگەی پەرلەمانەوە دەکرا، بەڵام لەماوەیەکی نێجگار کەمدا ئەم سیستمە گۆڕدرا کەخەڵك بتوانێت ڕاستەوخۆ خۆی کاندید بکات، منیش یەکسەر بڕیارمدا کەخۆم کاندید بکەم لەگەڵ ئەوەشدا کە فشارێکی یەکجار زۆرمان لەسەر بوو لەڕووی کاتو خۆ ئامادەکردنەوە، ئەگەر بتەوێت کارێکی وا بکەیت لانی کەم شەش مانگ ئامادەکاری ئیداری نەفسیو دارایی و پەیوەندی دەوێت، بەڵام من لەماوەی شەش ڕۆژدا دەبوو بڕیار بدەم کە بگەڕێمەوە بۆکوردستان ئەم پرۆسەیەش بێ گیروگرفت نەبوو.

من هاتم پشتگیری ئەو دیموکراسییە بکەم، ئەگەر کاك مەسعود بەتەنیا بوایەو کەسێك نەبوایە تەحەدای بکردایە، من لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا کە بۆ خۆیان ئیعلامێکی زۆریان هەیەو دەتوانن خەڵك چەواشە بکەن، بەڵام لەپەیوەند بەخەڵکی دەرەوە وەك ژینگەیەکی سەدامی سەیر دەکرانو پێدەکەنین بەو دیموکراسیەتە.

ئامانجێکی سەرەکی لەخۆکاندید کردنم گۆڕانە لەسیستمەکە. کە دەبێت مونافەسەی تێدا هەبێت، یەکێك لەو خاڵانەی کەسیستمی کوردستان بەسفریش حیساب ناکرێت، نەك بەدیموکراسی، ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانو ئەحزابو ژیانی دیالۆگی سیاسیدا نییە، کە پێویستە لە لوتکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هەبێت.

دووەمیش من باوەڕم وایە کە میللەت خۆی دەبێت ئیختیاری هەبێتو لەهیچ حیزبێکدا نییە کەسەرکردەیەك ٤٠ ساڵ سەرکردەی حیزبێك بووبێت، ١٨ساڵ بەشدار بووبێت لەدەسەڵاتداو ٤ ساڵیش سەرۆکی هەرێم بووبێت، بێئەوەی دەموچاوێکی تازە یان بیروباوەڕو پرۆگرامێکی تازە چووبێتە ناوەوە، خەڵك دەبێت ئیختیاری هەبێت پرۆگرامو دەموچاوو بیروباوەڕو ڕێوشوێنی تازە هەبێتو بڕیار بدات، دەبێت ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە دیموکراسی بێتو چاودێرێکی نێجگار زۆری جیهانی تێدا هەبێت. من بۆ ئەوە هاتووم کەدەسەڵات بگرمە دەست، باوەڕم بەمیللەتەکەمە کەدەسەڵات بگرمە دەستو دەتوانم ٥٠٪-٧٥٪ی دەنگ بەدەستبهێنم.

هاوڵاتی: پێتانوایە دەتوانن ئەو ڕێژەیە بەدەستبهێنن؟

د.کەمال میراودەلی: دەتوانم بڵێم بەڵێ نەخێر. نەخێر چونکە عەدالەت لەسیستمەکەدا نییە، ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەگەر هەڵبژاردنەکە تەواو ئازاد بێتو ئیمکانییەتێکی مادی باشم لەبەردەستدا بێت، کەبتوانم کەمپین بکەمو بتوانم بچمە هەموو شارێکەوەو گەنج بدوێنمو بیروباوەڕی خۆم بگەیەنم، تەنەفزیۆنو میدیاکانیش بەعەدالەت بۆ من بێت ئەم پرۆسەیە موستەحیل نییە.

بەڵام لێرە بەرهەڵستەکان زۆرن، سیستمەکە دیموکراسیی نییە، دەزگا ئیعلامییەکان هەموو حیزبینو بەئاشکراو نا ئاشکرا پشتگیریان دەکەن، ٢٠٠ هەزار پێشمەرگەیان هەیە کەهەر لەئێستاوە پێیانوترابێت ئەگەر دەنگیان نەدەنێ نانبڕاویان دەکەن، ئەمانە ئەگەر خەڵکی وڵاتان ببیستن پێی ناڵێن سۆسیال دیموکراسی، بەڵکو پێیدەڵێن سۆسیال فاشیستی. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گەشبینینو بەخەڵك دەڵێم هیچ نادۆڕێنین تەنیا ترس نەبێت، خەڵك دەبێت لەسەر شکاندنی ئەو ترسە رابهێنرێت. بەپێی یاساکانی کۆمسیۆن کرێنی دەنگو نانبڕینی خەڵك جەریمەیەکی ئەخلاقیو سیاسییە، لەپەرانبەر بەم هەڕەشانە نابێت بترسن، بەڵکو دەبێت ئەوەی هەڕەشەکە دەکات بترسێت، کۆمسیۆنو لیستە بەشداربووەکانیش دەبێت کار لەسەر ئەو هۆشیارییە بکەن بۆ نەهێشتنی ئەو ترسە، ڕۆژانە ئەو پەیامە بۆ خەڵك دووبارە بکەنەوە.

هاوڵاتی: بۆ تۆمارکردنی ناوی کاندید، بڕێك پارە پێویستە بدرێت، کە بۆ کەسێکی سەربەخۆ ڕەنگە ئاسان نەبێت، ئێوە سودتان لەچ سەرچاوەیەك وەرگرتووە بۆ دابینکردنی؟

د.کەمال میراودەلی: بۆکەسێك کەمێك کاری کردبێت ئەو بڕەپارەیە ئەوەندە زۆر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر ئاگادار نەکرامەوە کە مەرجە ئەو بڕە پارەیە بدرێت، بۆیە گرفتم بۆدروستبوو، لەپارەی شەخسی خۆم توانیومە ٥٠٠٠ $ دابین بکەمو ئەوی دیکەشی لەڕێگەی برادەرانمەوە دابینمکردووە.

هاوڵاتی: چ سەرچاوەیەکی دارایت لەبەردەستە بۆ بانگەشەی ڕاگەیاندن؟

د.کەمال میراودەلی: ئەمە گرفتێکی گەورەیە بەپێی پرەنسیپی عەدالەتو یەکسانی دەرفەت، کەدەڵێن ٣٧ ملیۆن دۆلار بۆئەم هەڵبژاردنە دانراوە، سەرۆکایەتی هەرێمیش بۆخۆی بودجەیەکی ساڵانەی گەورەی هەیە، کە لەدەستی سەرۆکی هەرێم خۆیەتی سەرفیبکات. بەپێی یاسای نێودەوڵەتیو بەپێی بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیموکراسی گەر دەیانەوێت پشتگیری دیموکراسی بکەنو زەمینەی یەکسانی عەدالەت بۆهەموو دروستبکەن، ئێمە دەبوو بتوانین بەشێکمان لەوە هەبێت، بەڵام لەکۆمسیۆن پرسیارمکرد وتیان شتی وانییە، بەمنیان وت کە دەتوانم چاودێر لەهەموو شوێنێك دابنێم کە ئەمەش پارەی پێویستە منیش ئیمکانیەتی ئەوەم نییە، کاتەکەش درەنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە پشتگیری دیموکراسی دەکەن، بۆیە تەنیا سوود لەبەڵێنی کۆمەڵێکی زۆر لەو دۆستو هاوڕێیانەم وەردەگرم کەبڕیاریانداوە هاوکاریم بکەن.

هاوڵاتی: واتە هیچ لایەنێك یان سەرچاوەیەکی دیکە نییە پشتیوانی مادیت بکات؟

د. کەمال میراودەلی: نەخێر تەنیا خۆمو هاوڕێکانم هاوکاری ئەم کارەین.

هاوڵاتی: تۆ بڕواو وایە لە ٧٠٪ی دەنگەکان دەهێنیتو لێرەشەوە دەچیتە سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام ئایا بارزانیو یەکێتیو پارتی بەم ئەنجامە ڕازی دەبنو سەرۆکایەتییەکە تەسلیم بەکەسێکی دیکە دەکەن؟

د. کەمال میراودەلی: پێویستە بەگومانەوە سەیری یەکتر نەکەین، من بەراستی بۆ ئەوە هاتووم کەبەڕێزو باوەڕ بەیەکتر کردنەوە ئەم کارە بکەین، ئەو یاسایەی کە گۆڕدراوە بەڕێز کاك مسعود خۆی داوایکردووە، ئەو خۆی داوایکردووە کەلەجیاتی ئەوەی لەپەرلەمان نوێنەری چەند حیزبێك هەڵیبژێرن میللەت خۆی لەشەقامەوە ئەو سەرۆکە هەڵبژێرن، من باوەڕناکەم ئەو بۆ شەخسییەتی خۆشی ئەوە قبوڵبکات، کە ئەنجامەکە قبوڵ نەکرێت، بەپێچەوانەشەوە ئیتر ئەو کاتە ناتوانێت جارێکی تر باسی دیموکراسییەت بکات، ئەو دەسەڵاتەش شەرعییەتی یاسایی و ئەخلاقی نامێنێتو خۆیان دەخەنە قوژبنێکی ئێجگار تەسکەوە ئەگەر تەحەدای ئیرادەی خەڵك بکات.

هاوڵاتی: لە وڵاتان کۆشکێك هەیە کە سەرۆکی وڵاتە دەوامی لێدەکات، لەئایندەدا ئەگەر د.کەمال بووە سەرۆکی هەرێم دەچێتە کوێ؟

د. کەمال میراودەلی: کۆشکی سەرۆکایەتی مووڵکی میللەتەو بەشێکە لەمێژووی ئەو وڵاتە، میللەت باوەڕیان بەداهاتوو هەیە، کە دەتوانن سەرۆك لەدوای سەرۆك بیگۆڕن. سەرۆکەکان دەڕۆن، بەڵام ئەم کۆشکە ڕەمزی مانەوەی ئیرادەی میللەتەکەیە. خودی پۆستی سەرۆکی هەرێم پۆستێکی تەشریفاتییە، من لەوانەیە ئەگەر پۆستەکە تەشریفاتیش نەبێت، خۆم دەسەڵات بدەمەوە پەرلەمانو قانون بگۆڕمو بیکەم بەتەشریفاتی، من ئەگەر بیمە سەرۆکی هەرێم هەر ڕۆژە لەناوچەیەکی ئەم هەرێمە دەبم لەگەڵ خەڵکەکەی، ئەوەم لا باشترە وەك لەوەی لەکۆشکێکدا دابنیشم یەکەم کاریش کەبیکەم گرتنی ئۆفیسێکە بۆ ئەوەی لەوێوە کارەکان ڕاپەڕێنم.

٢ هەزار ئاوارەی کوردی ئێران داوای ناسنامەی عێراقی دەکەن

کوردەکانی ئەڵتاش لەنیشتماندا مافی پەناهەندەییان پێنادرێت

فەرەیدون ئەلیاسی

فۆتۆ: هاوڵاتی

سازدانی: شاهۆ تەها

ئەنجومەنی ئاوارەکانی (ئەڵتاش) کە لەناوچەکانی گەرمیانو خانەقین نیشتەجێن، ئاماژە بەخراپی باری دەروونیو ژیانی ئاوارەکان دەکاتو ئەوەشدەخاتەڕوو کە تائێستا ناسنامەیان نییەو هیچ مامەڵەیەکی یاساییان بۆ ناکرێت.

ئاوارەکانی (ئەڵتاش) کوردی کوردستانی ئێرانن، لەدوای دەستپێکردنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران، ئاوارەبوونو لەعێراق لەئۆردوگایەکی زۆرەملێ بەناوی (کەمپی ئەلتاش) لەپارێزگای ئەنبار نیشتەجێدەکرێن.

وەکو خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، ئەو کورده ئاوارانە لەترسی ژیانیانو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق، دەگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان عێراقو لەناوچەکانی گەرمیانو خانەقیندا نیشتەجێدەبن.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ **هاوڵاتی**، فەرەیدون ئەلیاسی ئەنجومەنی ئاوارەکانی (ئەڵتاش)، باس لەکەموکوڕییەکانی باری ژیانی ڕۆژانەی ئاوارەکان دەکات.

لەبارەی سەرەتای ئاوارەبوونیانەوە، فەرەیدون ئەلیاسی وتی "دوای هاتنی جمهوری ئیسلامی ئێرانو نەهێشتنی حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبی دیموکراسی کوردستانی ئێران، سەرەتای ئاوارەبوونی بەشێکمان بوو، بەشێکی تریشمان لەکاتی شەڕی نێوان عێراق – ئێران، ئاوارەبوون".

فەرەیدون ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە دوای ئاوارەبوونیان، هاتوونەتە سنوری عێراقو چوونە گوندەکانی (چوارکلاو، سەرتەك، ناحیەی مەیدان، چەند شوێنێکیتر لەکوردستانی عێراق.

هێما بۆ ئەوەشدەکات کە دواتر لەو ناوچانەش نەماونەتەوەو لەساڵی ١٩٨٢ بردویانن بۆ ئۆردوگایەکی زۆرەملێ بەناوی (کەمپی ئەلتاش) کە ١٠ کیلۆمەتر لەخواروی پارێزگای ئەنبارەوەیە لەعێراق.

سەبارەت بەبارودۆخی ژیانیان لەو ئۆردوگایەی بەزۆرەملێ تێیدا نیشتەجێکران، فەریدون ئەلیاسی دەڵێت "ژیانمان ئاسایی بوو، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتیمانیان لەئەستۆ گرتبوو، حکومەتی عێراقی نەیدەتوانی هیچمان بەرانبەر بکات".

ئەنجومەنی ئاوارەکانی (ئەلتاش) تیشکدەخاتە سەرئەوەی کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق، لەترسی گیانیانو زیادبوونی دەسەڵاتی حیزبە ئیسلامییەکان لەناوچەکە، ئۆردوگا زۆرەملێکە کەتێیدا نیشتەجێکرابوون، جێدەهێلێنو دەگوازنەوە بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

فەرەیدون ئەلیاسی باسلەوەدەکات کە ئەوان ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠ خێزان دەبێتو لە ٢٠٠٠ ئەندام زیاتر پێکهاتوون، زۆرینەیان ئێستا لەگەرمیان نیشتەجێنو بەشێکیشیان لەسنورەکانی خانەقین.

ئەلیاسی وتیشی "ئێستا لەباری دەروونی خراپدا دەژین، ژیانو گوزەرانمان سەختەو گرانی کرێی خانوو خەرجی بازارو بەخێوکردنی منداڵ، تەنگیان پێ هەڵچنیووین".

فەرەیدون ئەلیاسی ئەنجومەنی ئاوارەکانی ناسراو بە(ئەلتاش)، ئاماژەی بەیەکێکیتر لەکێشەکانیان کرد کە نەبوونی ناسنامەی عێراقییە، کە بەشێوەیەك گرفتی بۆ دروستکردوون، هیچ مامەڵەیەکی یاساییان بۆ ناکرێت.

ئەو ئاوارانە، بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، هاوینی ساڵی ڕابوردوو، خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم قائیمقامییەتی قەزای کەلار ئەنجامدا، بەڵام تائێستا وەڵامی داواکارییەکانیان نەدراوەتەوە.

لەوبارەیەوە، فەرەیدون ئەلیاسی وتی "ساڵی ڕابوردوو لەو خۆپیشاندانەدا چەندین داواکاریمان خستەڕوو، کە یەکێك لەداواکارییەکان پێدانی موچەیەکی پەناهەندەیی بوو، چونکە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس، ئەو موچەیەمان هەبوو، بەڵام تائێستا داواکارییەکانمان جێبەجێنەکراون".

ئەلیاسی ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لە ١٤/ ٣/ ٢٠٠٩دا، بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، نوسراوێکیان داوەتە مەلابەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بەڵام تائێستا وەڵامی نەداونەتەوە.

هەروەها وتیشی "ئەو کاتەی یاداشتەکەمان دایە مەلابەختیار، ژمارەی تەلەفۆنیشی لێوەرگرتین، بەڵام هەر وەڵامی نەبوو".

فەرەیدون ئەلیاسی ئەنجومەنی ئاوارەکانی (ئەلتاش)، داوا دەکات پێناسی هاوڵاتێتی عێراقییان پێبدرێتو بتوانن دابمەزرێن، حکومەتی هەرێم فەرامۆشتریان نەکاتو داواکارییەکانیان جێبەجێبکات، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان پێیانوتوون کە چارەیان لای ئەوان نەماوە.

سەرەڕای ئەو گرفتو کێشانەی ژیانیان، فەرەیدون وتی "هەندێك خەڵك دەڵێن بۆ ناگەڕێنەوەو بێزاریان کردووین، بەڵام ئەو قسانە لەنەزانییەوە دەکرێتو نازانرێت ئێمە کێشەی نەتەوایەتیو سیاسیمان هەیە".

ئەو لەمپەرە دەستکردانەی لەیەکترمان جیادەکاتەوە.